

# عەفرین

## وەک پرۆژەیەکی هونەری

تاریق کاریزی

ڕێبوار سەعید (مامۆستای شێوەکاری لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سلێمانی) یەکێکە لەو هونەرمەندانەی بە پلان و پرۆژە کار دەکات. گەورەترین پرۆژەی ئەو دەربارەی کیمیابارانی هەڵەبجە بوو. لەو کاتەی لە بەریتانیا دەژیا، بە ژمارەی شەهیدانی ١٩٨٨/٣/١٦ی هەڵەبجە، (تابلۆ تابووت)ی دروست کرد. بەرهەمەکانی ئەو پرۆژە گەورەیە، ڕێبوار سەعیدی هونەرمەند پێشکەش بە یادگای هەڵەبجەی کردن، لە لەندەنەوە هێندرانەوە کوردستان. زۆر بەداخەوە، لەگەڵ سووتاندنی چەند ساڵ بەر لە ئێستای یادگارەکەدا، ئەو گەنجینە هونەرییەش لەدەست چوو.



ئەم هونەرمەندە بە هەستێکی بەرزی مرۆڤدۆستییەوە، ژیانی هونەریی خۆی بەسەر دەبات. هەر لەم سۆنگەیەوە بۆ داستانی شکۆداری بەرخودانەکەی کۆبانێ، پیشانگایەکی تایبەتی کردەوە. لەو پیشانگەیەدا بە زمانی جوانی گوزارشتی لە ڕەوش و ڕۆژگارێکی دژواری نەتەوەیەك و خۆڕاگرییەکەی کرد، کە وێڕای شاڵاوی هەمەلایەنەی نەیاران، قارەمانانە داکۆکیی لە خاك و شکۆی خۆی کرد.

عەفرین دوایین برینی جەستە و ڕۆحی نەتەوە هەرە دێرینەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. هەرێمی عەفرینی رووپۆش بە زەیتوون، نەیتوانی ڕێ لە شاڵاوی تیرۆرکردنی ئەو بەهەشتەی کوردستان بگرێت، وەك شوێنانی دیکەی ئەم وڵات گوڵستانە، تیخی کول و ژەنگنی داگیرکەر، دڵی ئاشتیخوازانە و ژیاندۆستانەی ئەوی سمی. بەهای مرۆڤانە پاشەکشەی کرد، بەرژەوەندیی وڵاتان ڕێی دا، چەتەی توندڕەو بە نوێژی نیوەڕۆ، بە پاڵپشتیی تانك و تۆپ و فڕۆکەی زلهێزێکی هەرێمی، خاك و شکۆی هەرێمێکی ئارام پێشێل بکەن، کە لە هەر بستە خاکێکیدا، نەك چڵە زەیتوون، بەڵکوو دار زەیتوونێك گەردنی بەرەو ئاسمان هەڵبڕیوە. بە دروشمی (چڵە زەیتوون)ێکی نامۆشەوە، ئەو هەرێمە خرایە نێو دۆزەخ و سووتماکی داگیرکەری فرە ڕەنگەوە.

ئەم مەرگەساتە مرۆییە، ئەگەرچی سات بە سات لە ڕێی شاشە و کەناڵەکانەوە دەخرایە بەر دیدەیخەڵکی سەرانسەری جیهانەوە، کەچی ویژدانی مرۆڤایەتی





لە ئاست تراژیدیای زەیتوونستانی وڵاتەکەم، کوێر و سارد و سڕ بوو. ئەم تراژیدیایە دڵی گەرم و زیندووی هەموو کوردێکی هێنایە جۆش، ئاخر برینی جەستە و رۆحی ئێمە، هەر خۆمان لە ناخەوە هەستی پێ دەکەین، بۆیە دەبینین ئەگەرچی هونەرمەند بە جووتە زمانێك هاوار دەکات، کە هەموو جیهان تێی دەگات، بە هونەر و ئینگلیزی دەڵێ: فریای عەفرین بکەون (SAVE AFRIN)، مەلی رەنگاوڕەنگی ئاشتیستانی عەفرین بە ئاگری تازەترین چەکی زەوی و ئاسمانی ئەم سەردەمە دەسووتێت. کەچی جیهان کەڕ و کوند خۆی نواند. وەی لەو حەشرە!

ڕێبوار سەعید ئەم بەرهەمانەی بە شێوازی دیجیتاڵ هونەر (دیجیتاڵ ئارت) گەڵاڵە کردوون. لەم ستایلەی هونەری شێوەکاریدا، هونەرمەند لە پای سوودوەرگرتن لە تەکنیکی کۆمپیوتەر و بەرنامەی جۆراوجۆری، بۆ دەوڵەمەندکردنی رووبەری تابلۆکانی بە رەنگ و فۆرم و ئەتمۆسفیری سەرنج راکێش و جۆشدانی گوتاری دیدەییانەی خۆی، دەست کراوەیە. تابلۆی دیجیتاڵ هونەر لە دوو لاوە (دەست و کارامەیی هونەرمەند + دیجیتاڵ تەکنیك) دێتە بەرهەم.

لەم پرۆژەی (عەفرین رزگار بکەن)ـەدا، ڕێبوار سەعید بۆ گەڵاڵەکردنی پرۆژەکەی دوو هێما (مرۆڤ و باڵندە)ی بە چڕی بەکار هێناوە. ئەگەرچی هەمیشە مرۆڤ کرۆك و مەبەستی گوتاری دیدەییانەی ئەوە، وێڕای ئەوە بابەتی گەرم و گوڕی رۆژگار و دۆخی مرۆییانەی نێو درامای رووداوەکان، دەبێتە هەوێنی بەرهەمهێنانی تابلۆ و خەمڵینی پرۆژەی هونەری لە لای ئەم هونەرمەندە.




# هەڤاڵ (زیکر) پێشکەش دەکات

دوای چەند ساڵێك لە بێدەنگی و پێشکەش نەکردنی هیچ بەرهەمێکی هونەری، هونەرمەند هەڤاڵ شێخانی بە بۆنەی هاتنەوەی مانگی رەمەزانی پیرۆزەوە سروودێکی ئایینی بە ناوی (زیکر) پێشکەش بە هەوادارانی خۆی دەکات.

(زیکر)ی هەڤاڵ نزیکەی دوو ساڵە کاری بۆ دەکرێت و لە هەموو روویەکەوە بە کوالیتییەکی بەرزەوە ئەنجامدراوە، لە تێکستی (زەیتۆ کانەبی) و دابەشکردنی موزیکیشی لەلایەن (شیاو کەمال) ئەنجام دراوە و موزیکژەنانی بەتوانا شیاو کەمال، ئەلەند خەیری، رەسەن فتحوڵا، ئالان زاهیر) تێیدا بەشدارن و کاری موزیکیشی لە ستۆدیۆ سۆلۆ ئەنجام دراوە.

لە بارەی ئەم بەرهەمەوە هەڤاڵ شێخانی لە لێدوانێکدا رایگەیاند: ئەم کارە نوێیەم دوای ماوەیەك بێدەنگی بەرهەم هات بە هاوکاری ژمارەیەك موزیکژەنی بەتوانا، دوای کۆتاییهاتنی کارەکانیشی بە ڤیدیۆ کلیپ لە مانگی رەمەزان پێشکەشی هەوادارانمی دەکەم، سیناریۆی ڤیدیۆ کلیپەکەش لەلایەن بەڕێز رۆژگار عوسمان دانراوە و لەلایەن کۆمپانیای لیۆ فیلم پرۆداکشن ئەنجام دراوە، لە دەرهێنان و وێنەگرتنی دلێر دلاوەرە. هەڤاڵ ئەوەشی خستەڕوو: ئەم بەرهەمە کە دیمەنەکانی کلیپەکە لە نێو سرووشتی جوانی کوردستان وێنەی گیراوە، پێشکەشە بە هەوادارانی دەکات.



## ئەمیتاب: هیچ سەروەتێکم نییە

زۆر لە هەوادارانی سینەما ئەمیتاب باتشان بە پادشای بۆلیۆد دەزانن، بەڵام ئەو حەز دەکات کە زیاتر بە کوڕی شاعیری ناسراوی هیندی هاریڤانش رای باتشان بیناسێنن، چونکە ئەو هەمیشە حەز دەکات لە نێو خەڵکیدا بژیت و جیای نەکەنەوە و وەك خۆی دەڵێ تاکە سەروەتی خۆشەویستی خەڵکە.

ئەمیتاب لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ماڵپەڕی (IANS) لە بارەی جیاوازی خۆی لەگەڵ کەسایەتییە ناودارەکانی تر وەك ئەستێرەکانی بۆلیۆد دەڵێ: خۆشەویستی من بۆ سینەما بێ سنوورە، کاری من لە سینەما زۆر کارم بەسەردا فەرز دەکات، هەرچەندە من نامەوێ خۆم لە خەڵك جیابکەمەوە، چونکە پەیامی من لە گشت کارە سینەماییەکانمدا گەیاندنی ئێش و ئازارەکانی خەڵکە بەتایبەتی کێشە کۆمەڵایەتییەکان خەڵك هەژار و نەدار.

ئەمیتاب هەروەها دەڵێ: بە هۆی ئەو رۆڵانەی من لە سینەمادا بینیومە زۆر جار وا پێویستە بووە کە ماوەیەکی زۆر لە نێو خەڵکی هەژاردا بژیم بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگادار وردەکارییەکانی ژیانیان بم و بە واقعی هەست بە ئازارەکانیان بکەم ئەمەش وایکردووە من خۆشەویستییەکی راستەقینە لە نێوانماندا دروست بێت.

لە درێژەی لێدوانەکەیدا ئەمیتاب دەڵێ: من هیچ سەروەتێکم نییە، سەروەت و سامانی باوکم بۆ گرنگترین شتە لای من و هەمیشە هەوڵ دەدەم ئەو سەروەت بپارێزم و پتەوی بکەم، چونکە ئەو خۆشەویستییەی هیندییەکان بۆ باوکمان هەیانە دووبارە نایێتەوە و بە هەموو موڵکی دنیا ناکڕێت.



# ناکۆکی سیاسی دەکەوێتە نێوماڵی ئەنجلیناوە

دوای جیابوونەوەی ئەنجلینا جۆلی و براد بێت گرفتی جۆراوجۆر بەرۆکیان بەرنادات بۆیە بوونەتە باسی رۆژنامە و گۆڤار و کەناڵەکان و هەر رۆژێك باس و بابەتێکیان دەربارەیان بڵاو دەکردەوە وەك بارودۆخی دەروونییان، چارەنووسی منداڵەکانیان، پەیوەندی نوێی سۆزدارییان و چەندین بابەتی دیکە.

ئێستا کێشەیەکی دیکە بەرۆکی ئەنجلینای گرتووە ئەویش پەیوەندیی نێوان ئەنجلینا و منداڵەکانیەی کە پێدەچێت بەرەو خراپی هەنگاو بنێت بەتایبەتی لەگەڵ مادۆکسی کوڕی کە تەمەنی ١٦ ساڵانەیە و بەپێ چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە ئەنجلینا پەیوەندییەکەیان بەرەو رێگایەکی داخراو دەچێت بە هۆی رەفتارەکانی ئەنجلینا و ئێستا بیر لەوە دەکاتەوە کە لەگەڵ براد بژیت، سەرچاوەکە ئەوەشی راگەیاند کە براد بەو بیرۆکەیە رازی نییە و داوای لە کوڕەکەی کردووە کە بە جددی بیر لەو کارە بکاتەوە بەر لەوەی بڕیارێکی لەو جۆرە بدات.

مادۆکس گەورەترین کوڕی ئەنجلینایە و لە ساڵی ٢٠٠٧ لە وڵاتی کەمبۆدیا تەبەننی کردووە و ئێستا ئەنجلینا بە هۆکاری سەرەکیی گرفتەکان دەزانێت لەلایەکی دیکەوە چەند سەرچاوەیەك ئەوەیان ئاشکرا کردووە کە ناکۆکی نێوان ئەنجلینا و کوڕەکەی مۆرکێکی سیاسیی وەرگرتووە بەهۆی پۆل پۆتی سەرۆکی پێشووی کەمبۆدیا کە بووە هۆی کوشتنی (٣) ملیۆن کەس و ئاوارە بوونی هەزاران خێزان، بەڵام ئەنجلینا زۆر بڕوای بەم قسانە نییە و بە راستی نازانێت ئەمەش بۆتە هۆی توڕەبوونی مادۆکس کە بە هەموو شێوەیەك دژایەتی خۆی بۆ ئەم هەڵوێستەی ئەنجلینا دەربڕیوە و پێیوایە کە ناحەقییەکی زۆر بەرامبەر بە گەلی کەمبۆدیا دەکات.





کەمال محەمەد:

# لەمەودوا گۆرانی بۆ مرۆڤایەتی دەڵێم

**هونەرمەنـدی بەئەزمـوون (کەمـال محەمـەد) سـاڵانێکی زۆرە لـە وڵاتـی سـوید ژیـان بەسـەر دەبـات، بـەڵام تـا ئێسـتا هـەر بـە سـەردان دەگەڕێتـەوە بـۆ کوردسـتان، لـە ئێستاشـدا بـە سـەردانێک گەڕاوەتـەوە بـۆ کوردسـتان، بەنیازیـش بـوو کۆنسـێرتێکی جەمـاوەری لـە سـلێمانی سـاز بـکات، لـەم دیـدارەدا پرسـی گەڕانـەوەی بـە یەکجـاری بـۆ کوردسـتان و هەروەهـا ئـەو بەرهەمـە هونەرییانـەی بەنیـازە بیخاتـە بەردەسـتی گوێگرانـی و چەنـد پرسـێکی دیکـە تایبـەت بـە خـۆی و بەرهەمەکانـی گفتوگـۆی لەسـەر کـراوە.**

لەدەسـتپێکی قسـەکانیدا هونەرمەنـد کەمـال محەمـەد لەبـارەی گەڕانەوەکـەی ئـەم جـارەی بـۆ کوردسـتان گوتـی: هاتنەوەکـەم لـە ناوەڕاسـتی مانگـی ئاداری رابردو بـوو، ئەویش بۆ مەبەستی ئەنجامدانـی ئاهەنگێـك بـوو بـە بۆنـەی جەژنـی نـەورۆز لـە سـلێمانی، هەروەهـا گۆرانییەکـم بـۆ «عەفریـن» ئامـادە کردبـوو، لـە ژێـر ناونیشـانی (بەرخـۆدان) ئـەو گۆرانییەشـم ڤیدیـۆ کلیپـم بـۆ کـردو بڵاومـان کـردەوە، هەروەهـا سـەردانی چەنـد دۆسـت و خزمێك، کـە ئەوەشیان پێویسـت و گرنـگ بـوون لـەلام.

لـە وەڵامـی ئـەو پرسیارەشـدا کـە بۆچـی وازی لەبەرهەمهێنانی ئەلبومی گۆرانی هێناوە؟ گوتی: پێموایـە ئەلبومـی گۆرانـی لـە ئێسـتادا بـۆ مـن و سـەرجەم هونەرمەندانـی کـورد کارێکـی ئەسـتەمە، چونکـە بەڕاسـتی دروسـتکردنی سـیدییەکی چەنـد گۆرانـی، جگـە لـە ئـەرك و ماندووبـوون، پاشـان کـە بـڵاوی دەکەیتـەوە، نابیتـەوە خاوەنـی هیـچ لـەو پـارەی بـۆت خەرجـت کـردووە، بۆیـە لـە سـاڵێکدا گۆرانییـەك، یـا دوو گۆرانـی بـە شـێوەی تـاك تۆمـار بکەیـت، پاشـان ڤیدیـۆ کلیپـی بـۆ بکەیـت و بـڵاوی بکەیتـەوە باشـترە و کێشـەو سەرئێشـەی کەمتـرە.

هونەرمەنـد کەمـال محەمـەد لەبـارەی ئەنجامدانـی ئـەو کۆنسـێرتەی کـە بەنیـاز بـوو لـەو ماوەیـە ئەنجامـی بـدات، هـۆکاری دواخسـتنەکەی ئاشـکرا دەکات و دەڵێـت: ئـەو کۆ نسـێر تە لەسـەر پێشـنیاری بەڕێوەبـەری گشـتیی هونـەر و رۆشـنبیری سـلێمانی بـوو، کـە پێـی وابـوو لـە پارکـی هـەواری شـار کۆنسـێرتێکی جەمـاوەری سـاز بکـەم، بـۆ ئـەو مەبەسـتە خەریکـی ئامـادەکاری بوویـن، بـەڵام بـە هـۆی ئـەو بانگەشـەی هەڵبژاردنـە کۆنسـێرتەکەم دواخسـت بـۆ کاتێکـی دیکـە، چونکـە بەڕاسـتی ئـەو بارودۆخـە خەڵـك هەمـوو خەیاڵـی لـەلای بابەتـە سیاسـییەکان و ململانێـی کاندیـد و لیسـتەکان بـوو، بۆیـە پێـم بـاش بـوو هەڵـی بگـرم بـۆ کاتێکـی دیکـە، بەتایبەتـی زۆر حـەز دەکـەم کۆنسـێرتێکی جەماوەریـش لـە هەولێـری پایتەخـت بـە ئەنجـام بگەیەنـم.

لەبارە شێوازی گۆرانییەکانی و گۆڕینی ستایلی گۆرانییەکانی هونەرمەند کەمال محەمـەد) روونـی کـردەوە: لـە راسـتیدا دەمێکـە بیـرم لـەوە کردۆتـەوە، کە لەمـەودوا گۆرانی بۆ مرۆڤایەتی بڵێم و کەمتر گۆرانـی بڵێم بـۆ بابەتـی عەشـق و خۆشەویسـتی، ئەگەرچـی ئـەوەش پێویسـتە، بـەڵام لەبەرنامەمدایـە زیاتـر بیر لـەو ستایلە بکەمـەوە.

دەربـارەی ئـەوەی کـە بۆچـی دوای زیاتـر لـە (٢٥) سـاڵ دووری لـە کوردسـتان، بڕیـار نـادەی بەیەکجاری بگەڕێتـەوە بۆ کوردسـتان و لـە نزیکـەوە لەگـەڵ هەوادارنـت خەریکـی کارە هونەرییەکانـت بیـت؟ (کەمـال محەمـەد)ی هونەرمەنـد و خـاوەن جەمـاوەر گوتـی: دیـارە بـۆ هەمـوو کوردێـك هەنـدەران وەك گەشـتێك وایـەو ئیتـر دەچێـت و پێویسـتە بگەڕێتـەوە ئامێـزی وڵاتەکـە، بـەڵام ئـەو ژیانـەی لـە هەنـدەران هەمـە، ئەگـەر بـەراوردی بکـەم، رەنگـە ئـەوەی لـەوێ بـۆم دەگونجێـت، لێـرە ئـەوە نەبێـت، بـەڵام لـە بیـری خۆمـی نابەمـەوەو هـەر بـەو ئومێـدەوە دەژیـم، کـە رۆژێـك لـە رۆژان ئـەو ژیانـەم باڵانسـێکی هەبێـت و لـە کوردسـتان ئـەو تەمەنـەی ماومـە تـەواوی بکـەم.